ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# ڕێگای گەل

ژمارەی
٥٤



چو شهاب روشنائی،
سرکش سرخ رهائی
با تو پوینده و پویا،
رزم خونین فدائی

گرامی باد یادت
پر راهرو باد راهت
ای رفیق جاودانه . . .



## لەم ژمارەیەدا ....


سەلەفی کیە و سەلەفیەت چیە ؟ ل ٢

بزووتنەوەی خەڵکی و ڕەوتی بەرەوپێشی تاکو ڕووخانی حاکمیەت ! ل ٥

ڕێکخستنی خەباتی نارەزایی خەڵک دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ل ٧

بڵاو کردنەوەی موخەدیرات و چارە ڕەشی خەڵك و ئیداعای خەبات دژی ئەو ل ٨

جووڵانەوەی ١٨ پووشپەڕی ١٣٧٨ ی خوێندکارانی زانکۆ بۆ ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی ل ٩

بزووتنەوەی دواکەوتووی سەوز و مەسەلەی ژنان ! ل ١١

یادی هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف لە ئیرادەی پۆڵائینی فیداییانی کۆمۆنیست هەردەم زیندووە ! ل ١٢


کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شوورایی !

# سەلەفی کیە و سەلەفیەت چیە ؟



بۆ ئەوەی کە باشتر لەم مەوزوعە تێ بگەین و بزانین لە راستی دا سەلەفیەت وەک لقێک لە مەزهەبی ئیسلام خاوەن چ بیروکەێکە ، پیویستە لە سەرەتاوە هەر چەند کورت بروانینە مەزهەبی ئیسلام و کۆرتە مێژووی ئەو . لە بەر ئەوەی کە سەلەفیەت شتێک نیە جگە لە شێوەێکی بیر کردنەوە لە ئیسلام و لە خزمەتی ئەودایە و لە کات و شوێنی پیویست ئەم شێوەی تێروانینە بە بابەتەکانی ئیسلامی سەرهەڵدەدات و ناکرێ وەک بابەتێکی جیا لە بابەتی مەزهەب بە گشتی و ئیسلام بە تایبەتی باسی لە سەر بکەین . بۆ ئەم مەبەستە کۆرتەێک لە باسی هاورێ مەزن فیدایی شەهید بیژەن جەزەنی لە کتێبی ماکسیزمی ئیسلامی و یان ئیسلامی مارکسیستی سەبارەت بە مەزهەبی ئیسلام دێنین . هاوری جەزەنی دەڵێ :

" ئیسلام چیە ؟

١ . ئیسلام لە سەرەتای پەیدا بوونی ئەودا : ئیسلام شەریعەتێکە کە محەمەد کوری عەبدوڵلا یەکێک لە ئەفرادی عەشیرەتی قورەیش لە عەشیرەت و هوزەکانی عەرەبی وەک دوورگەی عەرەبستان لە مەودای زۆرتر لە بیست ساڵ ئەوی دارشت و ڕایگەیاند . سەرەرای محەمەد , کەسانیتر کە لە سەرەتاوە هاتە بوونە لای ئەو لە نووسینی شەریعەتی تازە سەرهەڵداو بەشداریان هەبووە . قورئان کتێبی ئەساسی شەریعەتی ئیسلام , بە دوای مردنی محەمەد کۆکرایەوە و دارشترا . ریزێک کە سورەکان و ئایەتەکانی ئەم کتێبە هەیەتی بە هیچ شێوەیەک لە سەر ئەساسی پاش و پێشی کات نەنووسراوە . سورەکانی قورئان , ئامۆژگاریەکان و قسکانێکە کە بە پێ پیویستیەکان و هەل و مەرجەکانی جۆراوجۆر لە لایەن محەمەد نووسراوە و دەتوانین ئەوان بە پێ ناوەڕۆک و مەبەستێک کە شارەعی دین لە بەیانی ئەوانی هەبووە دەستە بەندی بکەین . بە شێوەیەکی گشتیدا ناوەڕۆکی قورئان بریتیە لە بابەتەکانی خوارەوە :

ئەلف . داستان و رەوایەتەکانی مەزهەبی دینەکانی پێش لە محەمەد , بە تایبەت داستانەکان و ئەو ئۆستورانەی کە ئیعتیبار و بەڵگەیە بۆ شەریعەتی تازە و شارەعی ئەو .

ب . بیر و بۆچوونەکانی مەزهەبی و قەومی عەرەبەکان لە قورئان کە بووە هۆی ئاشنا بوون و تەفاهومی خەڵک لە گەڵ شەریعەتی نوێ و زەمینە بۆ قبووڵ کردنی مەزهەبی نوێی خۆش کرد .

ج . دەستووری کار و کردەوەی مەزهەبی کە بە گشتیدا لە گەڵ هێندێک گۆرانکاری لە دینەکانی پێش دا هەبووە .

د . دەستوورەکانی کار و کردەوەی کۆمەڵایەتی کە بە تایبەت لەم بەشەدا , محەمەد کارێکی تازەی کردووە و بە لە بەرچاو گرتنی پێویستیەکانی کۆمەڵایەتی دەورەی خۆیدا , دەستوورەکانی پێشکەوتووی ڕاگەیاند و لە ئاکام دا زەمینەکانی عەینی و زەینی پیویست بۆ بلاو بوونەوە و پەرەساندنی نفوزی شەریعەتی خۆی فەراهەم کرد .

تەنیا ئەو کەسانەی قورئان لە لایان زۆر سەیرە و لە بەرانبەریدا قامک لە دەم دادەنن کە هید جۆرە ئاشنابوونێکی زانستی بە نیسبەت دین و مەزهەبەکان و بیر و بۆچوونەکانی فەلسەفی مرۆڤی پێش لە ئیسلامیان نەبێت و پرۆسەی گەشەکردووی ئەو نەناسن . قورئان واتە موعجزەی محەمەد پڕە لە بیر و بۆچوونەکانی مرۆڤی سەرەتایی , ئاسەوارەکانی دینەکانی « ئانیمیزم » – « توتەمیزم » – « فەتیشیزم » , لە قورئاندا زۆر ئاشکرایە . بەم جۆرە ئیسلام نەتەنیا خاوەن ناوەڕۆکێکی بە تەواوی ئایدەئالیستی فەلسەفیە بەڵکو قورسائیەک لە تابو و رێ و رەسمەکانی بێگانە بۆ مرۆڤی هاوچەرخی خۆیشی بە سەر شانی خۆیدا ڕادەکێشێ . رووونکردنەوە و شی کردنەوەی ناوەڕۆکەکانی مەزهەبی قورئان لەم کورتە باسەدا ناگونجێ , بەڵام دەتوانین ئاماژە بە نیشانەکانی خوارەوە بکەین :

پەرەستینی حجرالاسود ( حەجەرولعەسوەد یان بەردی رەش ) و ئاوی زەمزەم و بەردباران کردنی ( رەجیمی شەیتان , پیرۆز زانینی هێندێک لە میوەکان و بەرهەمەکانی کشتوکاڵی وەک هەنجیر و زەیتون و خورما , پیرۆز زانینی چیا و شارەکان و هەڵبژاردنی ناوی « اللّٰه » کە یەکێک لە خواکانی عەرەب بوو بۆ تەنیا خوای ئاسمانی , هەرووەها بە رەسمی ناسینی هەموو پەیغەمبەران و ئەفسانەکانی بەنی ئیسرائیل و عیسا و مەسیح , کە هەموویان نیشاندەری تێکەڵاو بوونی شەریعەتی ئیسلامە . کۆرتە قسە ئەمەی کە لە قورئاندا تەنانەت یەک بابەت وجودی نیە کە لە گەڵ دینەکان و بیروبۆچوونەکانی پێش لە محەمەد و یان لە گەل پیویستیەکانی کات و شوێنی خۆدی ئەو لە باری زانستی و مێژوویی روون نەکرێتەوە . بە واتایێکیتر هیچ شتێک لە قورئاندا نیە کە مرۆڤێکی ئەم سەردەمە لە رێگای بیر کردنەوە و لێکۆلینەوە بە ئاسمانی بوونی ئەم کتێبە قەناعەتی پێ بکات . ریشەی ئەساسی ئایدەئالیزمی ئیسلام لە سەر ئەساسی بوونی خوای غەیری ئاسایی و مانەوەی رۆح و رەستاخیز و پاداش و غەرامەی دوارۆژ دانراوە . ئاکامی دەستوورەکانی خاوەن دین لە بێبەری کردن و هۆشیار کردنەوە و هاندان , رەستاخیز و دادگای دوارۆژە . بەم شێوەیە زمانی قورئان و محەمەد لە سەر ئەساسی بورهان و مەنتێق , تەنانەت تا ئەو ڕادەیە کە لە سەدەی شەشەمی زائینی بە کار دەهات , نیە . محەحەد حوکم دەکات کە ئەم کارە بکە و ئەو کارە مەکە , چونکە خودا ئەم جۆە پێ خۆشە و بەهەشت و دۆزەخ لە بەرانبەر کارەکانی تو چاوەڕوانی تویە . بەڵام راستی ئەمەیە کە نە تەنیا سەرنج ڕاکێشانی پاداشی دوارۆژ بەڵکو ئاکامەکانی ئاسایی و ئەم دونیایەی شەریعەتی ئیسلام بوو کە کۆمەڵانی عەرەب بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا . ئیسلام لە سەردەمی سەرهەڵدانی خۆیدا ئایدۆلۆژی عەشیرەتەکانی عەرەب بۆ یەکگرتوویی و گەشە کردن

و پەرەساندنی کۆمەڵایەتی بوو و یەکەمین ئیمپراتوری عەرەبی پێک هێنا . پێش لە ئیسلام , عەرەبەکان لە ناوچە جۆربەجۆرەکان , حکومەتی خۆیان هەبوو کە گرێنگترینی ئەوان لە بەشەکانی وڵاتی شام , ناوچەکانی باشووری ناوەراستی دوو رووبار ( بین النهرین ) و یەمەن بوو . حکومەتەکانی بچووکتریش لە مەکە و مەدینە هەبوو . گۆرانکاریەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتی وەک دوورگەی عەرەبستان بەو جێگایە گەیشتبوو کە سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیەک وەک ئیسلام سەری هەڵدا و لە مەودایێکی کورت خایەندا حکومەتێکی یەکپارچە لە عەشیرەتەکانی دواکەوتووی عەرەبەکان و ناوچەکانی پێشکەوتووتری پێک هێنا و دەستی دایە دەس درێژی بۆ سەر ناوچەکانی دەوروبەری خۆی . لاوازی و مەرگی کۆمەڵایەتی و سیاسی رێژیمەکانی روم و ساسانی لە لایێکەوە و ناوەرۆکی تا ڕادەیەک پێشکەوتووی ئیسلام لە لایێکە دیکەوە بووە هۆی بڵاو بوونی حکومەتی ئیسلامی عەرەبەکان . بەم شێوەیە ئیسلام وەک مەزهەبێک بۆ عەشیرەتەکانی عەرەب و پاشان بۆ کۆمەڵگاکانیتر کە لە ژێر سەیتەرەی ئەودا بوون , ڕۆڵێکی گرێنگی بینی . ئەم ڕۆڵە بە تەواوی ئەو ڕۆڵە بوو کە مەزهەبی موسا بۆ بەنی ئیسرائیل و دینی زەردەشت بۆ قەومەکانی پارسی و ئێرانی و مەسیحیەت بۆ روم و پاشان نەتەوەکانی ئۆروپایی دەبینی .

## ئیسلام بە درێژایی مێژوودا

بوارە پێشکەوتووەکانی ئیسلام , نیشاندەری پەرەساندنی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی عەرەبەکان بوو . دروشمەکانی پێشکەوتووی ئیسلام بووە هۆی ئەوەی کە نەتەوەکان و قەومەکانی جگە لە عەرەبیش لە ڕزگاربوونی خۆیان لە سوڵتەی سیستەمی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی داسەپاو بە سەریاندا لەوێ یارمەتی وەرگرن و لانی کەم بۆ پەرەساندن و بڵاوبوونەوەی ئەو ئاسانکاری بکەن . بەڵام زۆر بە خێرایی دەسەڵاتداریەتی ئیسلامی کە مانای ڕاستەقینەی ئەو دەسەڵاتداریەتی عەرەبەکان بە سەر قەومەکانی غەیری عەرەب بوو وەک هەمیشە بووە هۆی دیل بوونی خەڵکان و پەرە گرتنی خەباتەکانی دژی عەرەب . کۆچی عەشیرەتەکانی عەرەب لە مەودای شەڕەکانی داگیرکەرانە کە لە ژێر ناوی جیهاد ئەنجام دەدرا بووە هۆی ئەوەی کە ناوەراستی دوو رووبار ( بین النهرین ) و باکووری ئەفریقا بەرە بەرە « عەرەبی » بکرێت و لە گەڵ قەومەکان و تایبەتمەندیەکانی ناوچەیی عەرەبەکانی کۆچکراو تێکەڵ و یان یەک بگرن و کۆمەڵگاکانی چەند قەومی پێک بێت و لەم کۆمەڵگایانە بەرە بەرە زمانی عەرەبی جێگای زمانەکانی ئەو ناوچەیانە بگرێت و تایبەتمەندیەکانی قەومی غەیری عەرەب لە ناو بچێت . زۆر زوو و کومتر لە تێپەر بوونی یەک نەسڵ , حکومەتی شەرعی ئیسلام بووە حکومەتی خاکی و ئەم دونیایە و ئیمپراتۆری ئۆمەوی و عەباسی , سیمایێکی بە تەواوی ئەم دونیائیەی بە خۆوە گرت . لە لایێکی دیکەوە بیروبۆچوونەکان و نەریت و ڕێورەسمەکانی مەزهەبی لە حاڵەتی یەکگرتنێک کە پێشتر هەیبوو وە دەرهات . لە گەڵ بیروبۆچوونەکانی مەزهەبی و قەومی نەتەوەکان تێکەڵاو بوو و لقەکان و مەزهەبەکان و چلەکانی جۆراوجۆری پێک هێنا .

## تەشەیوع

یەکێک لە لقەکانی تێکەڵاو , شیعەگەریە کە بیروبۆچوونەکانی کۆمەڵایەتی و مەزهەبی غەیری ئیسلامیی لە گەڵ ئیسلام تێکەڵاو کردووە . مەسەڵەی ئیمامەت و میرات پێگەیشتن لەوێ و مەسەڵەی مەهدی ڕزگاریدەر لە گەڵ یەک زنجیرە لە ڕێورەسمەکانی مەزهەبی و بیروبۆچوونەکانی ناوچەیی مەزهەبیی پێک هێنا کە ئایدولۆژی چینەکانی مام ناوەندی سەردەمی لە خەبات دژی دەسەڵاتداریەتی خەلیفەکان و جیایی خوازی لە ئیمپراتۆریەکانی نیشان دەدا . شیعەگەری بۆ جارێک لە کاتی بزووتنەوەی شەعوبی پەرەی گرت و بە لاواز بوونی ناوەندی خەلافەت و جیایی بە کردەوەی لە ئیمپراتۆری ئیسلامی بەرەو لاوازی ڕۆیشت و لە گەڵ بەهێز بوونی ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ جارێکیتر گەشەی کرد و لە سەرەتای بزووتنەوەی سەفەویەکان , مەزهەبی رەسمی ئێران بوو . شیعەی دوانزە ئیمامی لە ئیسلام تەنیا قورئانی قبووڵ کردووە و لە زۆر لە بۆچوونەکانی خۆی لە گەڵ مەزهەبەکانیتری ئیسلام جیاوازی ئەساسیی هەیە . ڕەوایەتەکان و حەدیسەکانی تزویرێک کە بە پێ پێویستیەکان کۆکراوەتەوە , ئەسڵەکانیتری شیعەیە . ئەسڵی ئەساسی ئیجتەهاد , ئیمکانی بێ سنووری بۆ وەرگرتنی شێوەکانی غەیری ئەسیلی قورئانی یان ئیسلامیی بە وجود هێناوە . لە ڕوانگەی فەلسەفیەوە شیعەگەری لە سەر ئەساسی ئەساڵەتی عەقڵی ئەرەستۆ دانراوە و زانستی کەلامی شیعە واتە فرقەی فەلسەفی ئیعتەداڵی لە بەرانبەر زانستی کەلامی تەسەنن قەراری گرتووە . دەزگای مەزهەبی شیعە وەک هەموو دەزگاکانی مەزهەبی لە سەدەکانی ڕابردوودا هاوپەیمان و تەواوکەری سیستەمی دەرەبەگایەتی بووە و لە ئەسڵی ئیجتەهاد نە بۆ پێشکەوتنی مەزهەب بەڵکو بۆ هەر چی زۆرتر بە خزمەت گرتنی مەزهەب لە کاروباری حکومەت بۆ چەوساندنەوە و بە زنجیر کێشانی کۆمەڵانی زەحمەتکێش کەڵکی وەرگرتووە . بەم شێوەیە هەڵەی تەواوە ئەگەر مرۆڤێک بیهەوێ ئیسلام و تەشەیوع لە سنووری قورئان و یان چەند کتێب بە ڕواڵەت جوان بخاتە بەر هەڵسەنگاندن . ئیسلام لە هەر کۆمەڵگایەک و تەشەیوع لە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵێکە لە بیروبۆچوونەکانی رەسمی و غەیری رەسمی و قورئانی , لە گەڵ ڕێورەسم و نەریتەکانی کە بە درێژایی مێژوودا ئاڵوگۆری بە سەر هاتووە و بووەتە غەیری گرێنگترین بابەتەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی . ئیسلام و ئیستعمار :


هەروا کە ئاماژەمان پێکرد , ئیسلام لە دەورەکانی جیاوازدا , ئایدولۆژی قەومەکان و ئەو دەوڵەتانەی بووە کە قەومەکان و خەڵکانیتریان بە ناوی جیهاد لە ڕێگای دین , دینی سەرتر و بە حەق دیل کردوون . هێرشی حکومەتی عەرەبی ئیسلام لە سەرەتای ئیسلام و پاشان ئیمپراتۆری ئومەوی و عەباسی یەکەمین دەورەی هێرشە . لەشکەرکیشیەکانی مەحموودی غەزنەوی بۆ هیند و پاشان دەسەڵاتدارانی موسڵمانی موغوڵ بۆ هیند رووێکیتری ئەم هێرشەیە . ئاخیرین دەورەی هێرش , لەشکەرکێشیەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ ئوروپای باشووری ڕۆژهەلات و باڵکانە کە چەند سەدە دەسەڵاتداریەتی تورکەکانی بە سەر نەتەوەکانی مەسیحیی شکست خواردوی داسەپاند . ( دیل بوونی نەتەوەکان و قەومەکانی غەیری تورکی موسڵمانیش لە ژێر ئاڵای خەلافەتی ئیسلامی تورکەکانی عوسمانی ئەنجامی گرت . ) سرووشتیە کە لە بەرانبەر ئەم هێرشانە دینەکان و مەزهەبەکانی نەتەوەکان و قەومەکانی دیل کراو لایەنەکانی لە بەربەرەکانی و خۆڕاگریی لە بەرانبەر ئەم هێرشانە بە خۆوە گرتووە . نموونەی ئەو بزووتنەوەی خزرەم دینان و فرقەکانی زەندیق و بۆچوونەکانی زەردەشتی ئێرانیەکانە لە بزووتنەوەی شەعوبی و بەربەرەکانی مەزهەبی کلیسای مەزهەبی لە وڵاتەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە ئوروپا . ( جیایی و بەربەرەکانی فرقەکان و مەزهەبەکانی جۆراوجۆری موسڵمان وەک شیعەی و وەهابی و هیتدیش جۆرەیەک لە کردەوەی بەپێچەوانەی مەزهەبی لە بەرانبەر خەلافەتی ئیستعماری عوسمانیە . ) . بەم شێوەیە تێدەگەین کە ئیسلام و مەزهەبەکانی جۆراوجۆری ئەو خاوەن ناوەڕۆکێکی سرووشتی و دەروونی دژی ئیستعماری نەبوون و بۆچوونەکان و مەیڵەکانی دەس درێژکارانە لەم دینە وەک دینەکان و مەزهەبەکانیتر وجودی هەیە . بەڵام لە سەدەکانی ڕابردوودا ئیستعماری ڕۆژئاوا نەتەوەکان و قەومەکانی موسڵمانی لە جێگا و شوێنێکی تازە قەرار دایە . بە لە

بەرچاو گرتنی ئەمەی کە هەموو وڵاتەکانی ئیسلامی لە باکووری ئەفریقیا گرتووە تاکو ئەندونزیا , وڵاتانێک بوون کە کەوتوونەتە بەر دەس درێژی ئیستعماری مەسیحی , دینی ئیسلام و دەزگای مەزهەبی پەیوەندیدار لە گەڵ ئەودا کەوتووتە حاڵەتی دیفاعی و تایبەتمەندیەکانی دژی ئیستعماری نەتەوەکان و قەومەکانی ژێر ئیستعماری ئەم وڵاتانە جار و بار لە سەر باڵەکانی لە دەزگای پیاوە ئائینیەکانی ئیسلامی کاردانەوەی هەبووە . بە تایبەت لە یەک سەدەی ڕابردوودا , ناسیونالیزمی عەرەب لە گەڵ ئیسلام تێکەڵاو بووە و یەک زمان و دینی نەتەوەکانی جۆراوجۆری وەک نەتەوەی عەرەبی لە ژێر ئالای

بڕیاری سەر لە نوێ لە مەزهەب دەکاتە پێویستێکی حەتمی .بەڵام سەلەفیەت وەک یەکێک لە دوو لقی گەورەی مەزهەبی سوننە بریتی دەزانی لە پەیوەندی وەعد و کردەوە و ڕێک کردنی قسەکان لە گەڵ ئایەکان ،حەدیس و قسەکانی پەیغەمبەر و پیاوانی ئایینی . سلفی گەری لە سوننەدا وەک جەعفەری لە شیعەدا تەعبیر دەکرێ . گەورەترین ڕێکخستنی سەلەفی لە سەرەتاوە دەگەڕێتەوە بۆ تەعسیراتی بیروبۆچوونەکانی هێندی ئوسولگرای ئیسلامی لە ولاتی میسر وەک عومەر عەبدولرەحمان کە ئێستا لە ولاتی ئەمریکا زیندانیە ، عەبدوللا عوزام کە لە ئەفغانستان تیرور کرا و سەید قوتب و ئەبن تەیمیە . بە ڕواڵەت

گروپە ئیسلامیەکانی سەلەفی ئازادانە بیروبۆچوونی کۆن و ڕزیوی خۆیان تەبلیغ دەکەن و لە شارەکانی سنە و سەقز و شارەکانی تری کوردستان بۆ خەڵک داویان پان کردووتەوە و بە دڕندانەترین شێوە نەیارانی خۆیان بە بیانوی کوفر و ئیلهاد و لەم چەشنە موزەخرەفاتە لە پێش چاو خەڵک سەر دەبڕن و فەلسەفەی ئیسلامی بە پێ هەلومەرجی ئێستا بۆ خەڵک شی دەکەنەوە ! فەلسەفەی ئیسلامی هیچ کات بە لەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکیدا ناتوانێ بە دژی سیستەمی سوڵتەی ئیمپریالیزم بێت و لە ئەساسدا زوڵم و ستەم برووخێنی لە بەر ئەوەی کە بەدیلێکی شۆڕشگێرانەی چ لە بواری ئابووری و چ لە بواری

ناسیونالیزمی دژی ئیستعماری پێکەوە نزیک کردووتەوە . لە وڵاتی ئێمەیش لە یەک سەدەی ڕابردوودا ئەم بیروبۆچوونانە جار و بار لە دەزگای مەزهەبی دیتراوە . لە هەمان حاڵدا کۆڕ و کۆمەڵەکانی پیاوە ئائینیەکان وەک هاوپەیمانی دەرەبەگایەتی کە خۆی زۆر جار دەس لە ناو دەستی ئیستعمار هەیە یارمەتیی داوەتە قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئیستعماری .
بەم پیشەکیە , ئەم ئەسڵە کە ئیسلام خاوەن ناوەڕۆکێکی بە تەواوی جیاواز لە




کۆمەڵایەتی و چ لە بواری سیاسی بۆ سیستەمی حاکیم نیە . تەنیا مەبەست رووخانی سەرخانی سیاسی حاکیم و دامەزراندنی سەرخانی سیاسی ترە بە هەمان ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانەی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا . سەلەفیەکان بە گشتیدا وەک شیعەکان تێدەکۆشن تاکو لە ئەحساساتی خەڵکی وەزاڵ هاتوو لە ستەم کە هیچ کات تێکەڵ بە تێگەیشتنی چینایەتی و شۆڕشگێرانە نابێ ، کەڵک وەرگرن و بۆ خۆیان سەربازگیری

مەسیحیەت و یان دینەکانیترە رەت دەکەینەوە و تەنیا جێگا و شوێنی تایبەتی نەتەوەکانی ژێر ئیستعماری موسڵمان وەک هۆکارێک دەژمێرین کە باڵەکانێک لە دەزگای پیاوە ئائینیەکانی بە بزووتنەوەی دژی ئیستعماری نزیک کردووتەوە . ئەم بیروبۆچوونە دژی ئیستعماریانە نە لە شەریعەتی محەمەد و نە لە بیروبۆچوونەکانی تێکەڵاو کراوی ئەو خۆی شاردووتەوە و تەنیا سەرچاوە گرتوو لە ئیستعماری نەتەوەکان و قەومەکانی موسڵمانە . ئاوا کە لە نەتەوەکانی ژێر ئیستعماری غەیری موسڵمانیشدا ئەم بیروبۆچوونانە وجودی هەیە و مەزهەبەکانی ئەوانیش ڕۆڵی دوولایەنەی خۆیان بە قازانج و بە دژی ئیستعمار دەبینن . "
دین و مەزهەبەکان ئەگەرچی بە درێژایی مێژوو ئاڵوگۆری بە سەر دێت و هێندێک لق و فەرع بە پێ شوێن و کات و جێگا و شوێنی مێژوویی و جوغرافیایی بە ئەوان ئیزافە دەکرێ , بەڵام خاوەن دواکەوتوویی و دوگماتیزمێکی تایبەت بە خۆیانن و ئەساسەکان و هەلومەرجی ئەسڵی هەروا لە پاڵ بیروبۆچوونەکانیتر دەپارێزرێ , بەڵام لە بەرانبەر ئەم دواکەوتوویی و ڕاوەستانەدا , کۆمەڵگا بەرەو پێش دەچێ و گەشە دەکات و پێویستیەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ,

لە گەڵ ئیسلامی میانەڕەو سنووریان هەیە و بە دژی غەیری جیهادیەکان هەلویست وەردەگرن و دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی لە سەر ئەساسی پەروەردەکانی ئایاتی قورئان و پەیغەمبەر بە ئەرکی خێرای خۆیان دەزانن . ئەمانە هەموو بە ڕواڵەتن و بە چاخشاندنێک بە سەر کردەوەی ڕێکخستنەکانی سەلەفی لە ناوچەکە لە ئەفغانستان و کوردستانی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا ئامرازێکن بۆ جێ بە جێکردنی سیاسەتەکانی ئیمپریالیستی و دواکەوتووانە لە سەرانسەری جیهان و بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست . لە مێژە کە ئیمپریالیزم بۆ بەلارێ بردنی هێزی پوتانسیەلی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ژێر ستەم کە دەتوانێ کۆڵەکەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگای یەکسان و سوسیالیستی بێت پەنای بردووتە بیروبۆچوونەکانی فوسیلی ناو مێژوو و دوژمنی دەستکردی خۆی بە خەڵک دەناسێنێ تاکو دوژمنی لە ئاستی دواکەوتوویی تێپەر نەبێ و لە چوارچێوەی دڵخوازی خۆی بمینێتەوە .بە دوای کوردستانی عێراق ئێستاکە نورەی کوردستانی ئێرانە تاکو ببێتە تاقیگەی زیندوو کردنەوەی بیروبۆچوونەکانی عەسر حەجەری سەلەفی گەری و لە سایە سەری کۆماری دواکەوتووی ئیسلامی

بکەن و بۆ ئەم مەبەستە لە شێوەکانی جۆراوجۆر و زۆرتر لە شێوەی بە وجود هێنانی کەش و هەوای ترس و توقاندن و تیرور ئیستفادە دەکەن و نموونەی زۆر ئاشکرای کردەوەی ئەوان لە کوردستاندا کردەوەکانی گروپی سەلەفی ئەنسار ولئیسلام و لەم دوائیانەدا ئەنسارولسوننەیە . سوننە و شیعە ، سەلەفی و حەنەفی و شافیعی و جەعفەری و . . . هەموویان وەک لقەکانی مەزهەبی ئیسلام بە پێ هەلومەرج پێک هاتوون و زۆر بیرو بۆچوونێکی هەڵەیە ئەگەر ئەوان بەتەنیایی بخەینە بەر هەڵسەنگاندن و لە چوارچێوەی قورئان وئایات و ئەحادیس بە دوای ناوەرۆکیان بگەرین . ناوەرۆکی مەزهەب و بە تایبەت ئیسلام و لقەکانی ئەم مەزهەبە لە پەیوەندیەکانی زاڵ بە سەر کۆمەڵگا سەرچاوە دەگرێ و کردەوە و تەبلیغیش بە پێ هەلومەرج دەگۆڕدرێ . قەیران و نارەزایی لە ناوخۆی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە مەزهەب و شێوازەکانی هەلویست وەرگرتنەوە و کردەوەی ئەو و لقەکانی بۆ کونترۆڵی وەزعەکە ئیستفادە بکرێ . بۆیە پەرەساندنی سەلەفی گەری بابەتێکە کە پەیوەندی هەیە بە قەیرانی کۆماری ئیسلامی و ئەگەری بە وجود هاتنی زۆر مەسەلەی خەتەرناک بۆ کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا .

# بزووتنەوەی خەڵکی و ڕەوتی بەرەوپێشی تاکو ڕووخانی حاکمیەت !



لـە ڕێبەنـدانی سـاڵی ٥٧دا خـەڵکی ئێـران بـە دژی دیکتاتوری شا ڕاپەرین تاکو کۆتایی بهێننە دەسەڵاتێک کە بناغەی لە سـەر سـتەم و چەوسـاندنەوەی خەڵکـی زەحمەتکێش دامەزرابوو . سەرەرای بوونی ملیونەهـا خەڵکی ڕاپەریو لە جەریانی نارەزاتیەکان و شۆرشـدا ، بـەڵام بـە هـۆی کـەم بوونـی تەجرووبـەی هێزەکانـی شۆرشگێر و هەروەها تـەوەهوم و گومـانی کۆمەلانـی خەڵک بە نیسبەت مەزهەب و سازش و خەیانـەتی لـە پـشتی پـەردەی مەزهەبیـەکانی تەعەسـوبی بـە ڕێبەرایەتی روحوللا خومەینی مەسیر و ڕێگـای خەباتـی خەڵکی بە لاڕێ چوو و بـە جێگـای ڕووخـانی سیـستەمی سیاسـی و ئـابووری و کۆمەلایـەتی داسـەپاو و لـە ناوچوونی بە تەواوی دامودەزگاکانی سەرکوتی ڕێژیـم وەک ئـەرتش و سـاواک و ژانـدارمری و پـولیس و دەزگاکانی تـری ئیتلاعـاتی و دژی گـەلی ، سیـستەمی دیکتـاتوری وەک خـۆی مایـەوە و تـەنیا ناوەکـەی لـە سیـستەمی پاشـایەتی گۆرایـە کۆمـاری ئیـسلامی . ڕێـژیمێک کـە سـی سـاڵ لەمەوبـەر بـە یارمەتـی ئیمپریالیزمی جیهـانی بـە سـەرکردەیی ئیمپریالیزمـی ئەمریکاوە لە جێگای حکومەتی سـەلتەنەتی دەسـەلاتی بە دەستەوە گرت ، زۆر سەرکوتگەرتر و دواکەوتووتر لە ڕێژیمی شا لە گەڵ خەڵک هەلسوکەوتی کـردووە . ئـەم ڕێژیمـە لـە سـەرەتای بـە دەسـتەوە گرتنـی دەسەلاتەوە ، لە بواری ئابووری –سیاسی بەرگری لـە قـازانج و بەرژەوەنـدی بازاریـەکان و شـریکەکانی بوروکراتی ئەوان کردووە . لە بـورای کۆمەڵایەتیـشدا هەمیـشە خۆڵقێنـەر و پەرەپێـدەری بیروبۆژوونەکانـی خورافە پەرەستی عەهدی کۆن بووە و دواکەوتووترین و پیسترین یاساکانی مەزهەبیی بە دژی خـەڵکی ئێـران بەڕێوە بردووە . ڕاپـەرینی ٥٧ لـە بـورای مێژووئیـدا درێژەی بزووتنەوەی خەڵکی ئێران پاش کودیتـای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٣٢ ە کە بە دوای ئەم کودیتایە خەڵکی ئێران بۆ ئازادی و دیموکراسی درێژە بە خەباتیان دا . ئەوان هیژ کـات تەسـلیمی دەسـەڵاتداران نـەبوون و ئیرادەیان بۆ ڕووخاندنی سیستەمی زاڵمانەی داسـەپاو و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیـک ، سـست و لاواز نەبوو .

ڕاپـەرینی ٥٧ بـۆ دامەزرانـدنی حکومـەتی مەزهەبـی نەبوو . لەو کاتەدا ، نفووزی لە ڕادەبەدەری ئەمریکـا لە دامودەزگای ئەرتش و ئیتلاعاتی ڕێژیمی شـا بـووە هۆی ئەوەی کە کاتێک خەباتی خەڵکی پەرەدەسـتێنی ، ئەوان بۆ جارێکی تر لە ئێران کودیتا بکەن . ڕاپەرینـی ٥٧ لە نیوەی ڕێگادا ڕاوەستا و بە هۆی پلانـی ئەمریکـا و دەولەتـەکانی تـری ئیمپریالیـستی کـە قـازانج و بەرژەوەندیـەکانی خۆیـان لـە مەترسـی دەبینـی ، دەسەڵات لە ڕێژیمی پاشایەتی درایە دەسـتی ڕێژیمـی کۆماری ئیـسلامی بـە ڕێبـەری خومـەینی . پێـش لـە کونفرانـسی سـاڵی ١٩٧٨ی گوادەلـوپ ، خومەینـی ئیبراهیمی یزدیی وەک نوێنەری خۆی نـاردە ئەمریکـا تـاکو لـە بـارەی حکومـەتێک کـە ئەیویـست پـاش حکومـەتی شـا لـە ئێـران دایمـەزرێنی لـە گـەل ئەمریکیەکان وت و وێژ بکات . لە فەرنسایش سادقی قوتب زادە زۆر جار حکومەتی فەرنسای دڵنیا کردەبوو کـە خومـەینی پـارێزەری قـازانج و بەرژەوەندیەکانـی ئەوان دەبێت . کاتێک خومەینی بـە پـشتیوانی هەمـە لایـەنی مـادی و مەعنـەوی وڵاتـانی ئیمپریالیـستی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی خۆی لە ئێران دامەزراند ، خەڵکی ئێران تەسلیمی ئێـرادەی ئـەوان نـەبوون و لـە گەڵ هێزە شۆرشگێرەکان زۆر حەماسـەیان خۆڵقانـد و کرێکارن و زەحمەتکێشانی ئـەم وڵاتـە بـۆ وەدیهێنانـی ئاوات و ئارەزووەکانیان هەمیشە لـە گۆرەپـانی شـەر و خەباتی عادڵانەی خۆیان بە دژی حاکیمان حازر بـوون . لـە کوردسـتانەوە تـاکو بەلووچـستان ، لـە تورکمـەن سەحراوە تاکو ئازەربایجان و تـاکو خوزسـتان بـە دژی دەسـەڵاتی سـتەمکارانەی ئـەوان ڕاپـەریون .

دەسـەڵاتدارانی کۆمـاری ئیـسلامی لـە سـەرەتای حکومەتیانەوە تـاکو ئێـستا هیـچ کـات و تەنانـەت بـۆ سـاتێکیش ڕاحـەت نـەبوون و هەمیـشە لـە تـرس و دڵەراوکی بوون . ئـەم ڕێژیمـە لـە مـەودای ٣٠ سـاڵدا تەنیا لە ژێر سێبەری سەرکوت و سـەرنەیزەدا توانیـە درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات . ئەوان بـۆ پاراسـتنی دەسەڵات و قازانج و بەرژەوەندی خۆیان و سەرمایەی جیهانی منداڵەکانی خۆیانیـانیش بـە بێرەحمـی تـەواو دەکوژن وەک چۆن مەلا حەسنی ئیمام جومعەی ورمیە کورەکـانی خۆیـی کوشـت و یـان گیلانـی سـەروکی دادگاکـانی شـۆرش کۆرەکـانی ئیعـدام کـرد و یـان کوشـتارەکانی سـاڵەکانی ٦٠ و ٦٧ لـە زیندانەکانـی کۆماری ئیسلامی کە هیچ کات لە بیر ناچێتەوە .

بەم پیشەکیە کە باسمـان کـرد بـا بـزانین ئایـا پـاش هەڵبژاردنەکانی سەروک کۆماری جۆزەردانی ڕابـردوو چ هەڵسەنگاندنیـچکی بـە هەڵـە سـەبارەت بـە بزووتنەوەی خەڵکی لە ئێران دەکری و ئایا بزووتنەوەی خەڵکی لەم قۆناخـەدا لـە مەسـیرێکی دیریکـراودا کـە دابینکەری قازانج و بەرژەوەندی بـاڵێکی تایبەتـە ، لـە

جەریاندایە یان ئەوەی کە مەسەلە شتێکی ترە . لە ئەسڵدا لە ناو بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێراندا مەسەڵەیێک بە ناوی بزووتنەوەی سەوز یان زەرد مەترەح نیە . خەڵکی ئێران لە مافەکانیان تێگەیشتوون و بە باشی دەزانن کە لە جیهانی ئەمرۆدا مافەکانی ئەوانە کە خاوەن جێگەیێکی تایبەتە و دەبی بەرگریی لێبکەن . ئیستفادە کردن لە ناکۆکی نێوان سەرکردەکانی باڵەکانی پێکهێنەری حاکمیەت بە مانای پشت بەستنی خەڵک بە هیچ کام لە باڵەکانی ناوخۆیی دەسەلات نیە و پاش هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری جۆزەردانی ڕابردوو و ڕووداوەکانی بە دوای ئەم هەڵبژاردنەدا ، ئەمە سەرکردەکانی باڵی دۆڕاو و ساڵی ڕابردوو بە باشی دەیانزانن ، بەڵام بەیانی ئەم ڕاستیانە لە زمانی سەرکردەکانی پێشووی دەسەلات خاڵێکی موسبەتە بۆ خەڵک و بەرزتر کردنی دەنگی نارەزایەتیان . و بۆیە بەیانی ئەو ڕاستیانە کە خۆدی خەڵک بە درێژایی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی لە سەری واقفن ناتوانێ بە مانای ئەمە بێت کە خەڵک لە بەر بەیانی ئەم ڕاستیانە لە زمانی موسەوی و کەروبی و ڕێبەرانی سەوز چوونەتە ژێر ڕەکیفی ئەوان و ڕێبەری ئەوانیان بە سەر بزووتنەوەی خەڵکی قبووڵ کردوون . بەڵام بە مانای ئیستفادە لە ئامرازەکانی فشاری زۆرتر بۆ سەر دەسەلات هەیە و ئەمەیش شتێکی زۆر سرووشتی و ئاسائیە .

دەناسێنێ بریتین لە : موحسین سازگارا ، عەبدولعەلی بازرگان ، عەبدولکەریم سروش ، ئەکبەر گەنجی ، موحسین کەدیوەر ، سەید عەتائوللا مەهاجرانی ، موحسین مەخمەڵباف ، مەسعود بەهنود ، عەلیرەزا نوریزادە لە گەڵ ڕێبەرانی بەکرێگیراوی ڕێکخراوی ئەکسەریەت و چەند کەسێکی تری بێ ناو و نیشان کە هەموویان لە مەودای ساڵەکانی ڕابردوودا ئەفرادی سەرکوتگەر و ئیتلاعاتی و جاسوسی ڕێژیم بوون . بزووتنەوەی تێگەیشتووانەی خەڵکی ئێران درێژە بە ڕێگای خۆی ئەدات و متمانە ناکاتە هیچ کام لە ئەفرادی پێشووی ڕێژیم و یان ئەو ڕەوتانەی کە پێشتر لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هاوکاربیان

**ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەییە و چینی کرێکار وزەحمەتکێشانی نەتەوەکانی جۆراو جۆر بەشێوەیکی هاوبەش لەزنجیری دیلی سەرمایەداری و دواکەوتوویی دەسەڵات دار بەسەر چارەنووسیان ژیان دەبەنە سەرو داخوازی چینایەتی هاوبەشیان هەیە و دژی سیستەمی ئابووری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەسەڵات دار خەبات دەکەن. لەئاکامی سیاسەتی چینە دواکەوتووەکانی دەسەڵات داربەسەر ئەم نەتەوانە، کرێکاران و زەحمەتکێشان، واتە زۆر بەی خەڵکی بێ بەش لە چوار گۆشەی ئێران سەرەرای تەحمول کردنی چەوساندنەوەو بێ مافی، هەروەها لەستەمی نەتەوەیی و فەرهەنگی ئازار و ڕەنج دەبەن و بۆنەهێشتنی خەبات دەکەن.**

ریفورمخواز و لیبراڵەکان بوون کە هەوڵیاندا خۆیان لە گەڵ داخوازی و بزووتنەوەی خەڵکی ڕێک بخەن . ئەمە زۆر سرووشتیە کە خەڵک لە باڵی دۆڕاو و نارازی ناوخۆیی دەسەلات کەڵک وەربگرێ تاکو دەنگی نارەزایی خۆی بەرزتر بکاتەوە . ئەگەر موسەوی و کەروبی هەر کام بە نۆرەی خۆیان لە تەقەلوب و تەزویر لە هەڵبژاردنەکان و یان دەستدرێژی و تەجاوز لە ناو زیندانەکانی ڕێژیمدا قسە دەکەن ، و یان ئەوەی کە ئەحمەدی نەژاد لە قسەکانی خۆی ئاماژە بەوەی دەکات کە ئاغا زادەکان چۆن و بە چ شێوەیەک گەشەیان کردووە و بوونەتە خاوەن سەروەت و سامانی گشتی خەڵک و چۆن هاشمی ڕەفسنجانی و ناتق نووری و ئەفرادی وەک ئەوان خەزانەی دەوڵەتیان گواستۆتەوە بۆ حسابە بانکیەکانی تایبەتی خۆیان و لە حاڵێکدا خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەژارتر دەبوون لەقەبی و نازناوی سەرداری سازەندەگیان بە خۆ دەدا ، خۆد بەیانی ئەو ڕاستیانەیە کە هەموو خەڵکی ئێران بە درێژایی ٣٠


بۆیە ئەم ئەفرادە هەر هەڵویستێک لە بەرانبەر حاکیەت وەرگرن ، نابێتە هۆی هیچ تەغییرێک لە ناوەرۆکی بزووتنەوەی خەڵکی کە بە مەبەستی ڕووخاندنی سیستەمی حاکیم و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیک لە ئارادایە . باشە بزانین ماوەیێکە ئەفراد و داروودەستەکانی سەر بە ئیمپریالیزم و شریکەکانی پێشووی کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشن تاکو بە یارمەتی دەزگاکانی هەواڵنێری جیهانی وانیشان بدەن کە گوایە بزووتنەوەی خەڵکی ئێران هەمان بزووتنەوەی سەوزە . بزووتنەوە سەوز یان هەمان بزووتنەوەیێک کە بە یارمەتی و بە پول و پارەی ڕەفسنجانی و بازاریەکانی فرێ دراو لە ناو حاکمیەت ڕەنگی سەوزیان داوەتە لە موسەوی سەرۆک وەزیرانی هەشت ساڵەی خومەینی تاکو بە هێزێکی زیاتر بەرگری بکات لە قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەدارانی بازار لە بەرانبەر باڵی سەرمایەداری بوروکراتیک بە نوێنەرایەتی ئەحمەدی نەژاد . ڕێبەرایەتی بزووتنەوەیێک کە خۆی بە ناوی سەوز

کردووە . بزووتنەوەی خەڵکی ئێران پشت نەبەستووتە ئەم یان ئەو کەس و یان کەسانی تر . بۆیە ڕەوتی خەباتی داهاتوو و بەرەوپێشی خەڵکی ئێرانە کە کۆتایی حکومەتی ئیسلامی دیاری دەکات . ئەگەر تاکو ئێستاکە قورسایی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ئێران لە سەر شانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بووە ، هەر ئەم چین و توێژە زەحمەتکێش و ستەم لێکراوەن کە بە بوونی خۆیان لە گۆرەپانی خەباتی بی وەچان ئیجازەی سوئیستفادە بە هیچ کەس و گرووپێک نادەن تاکو لە ئیعتباری خەباتی ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵک وەرگرن . ژنان و خەڵکانی ژێر ستەمی و خوێندکارانی ئێرانیش کە لە مەودای ٣٠ ساڵی ڕابردوو لە بچووکترین مافە دیموکراتیکەکانیان بێ بەش و مەحروم کراون ڕێگای ئوسوڵی و دروستی گەیشتن بە داخوازیەکانیان لە درێژەپێدانی خەباتی رادیکاڵ دۆزینەتەوە نەک لە پشت بەستن بە ئەفراد و ڕەوتەکانی فرێ دراو لە باوەشی حکومەتی ئیسلامی .



# ڕێکخستنی خەباتی نارەزایی خەڵک دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

ئەمڕۆکە وەک شوێنەکانی تری ئێراندا لە کوردستانیش خەباتی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵک دژی سیاسەتەکانی سەرکوتگەرانەی ڕێژیم پەرەدەستێنێ . هەژاری و بێکاری و زیاتر بوونی ڕادەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە حەشیمەتی بێکار ,سەرکوت و میلیتاریزەکردنی ناوچەکانی کوردستان , کەش و هەوای ترس و تۆقاندن , گرتن و ئەشکنجە و کوشتار , هەموو و هەموو دیاریەکانی کۆماری ئیسلامیە بۆ خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان . بەڵام وەڵامی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەم هەموو مەینەتە , خۆراگری و خەباتە کە تاکو ئێستا شکستی سیاسەتەکانی ڕێژیمی نیشان داوە . ڕاستی ئەمەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەرای هەموو هەوڵ و تەقەلای بێ ئاکام و زەبونانەی خۆی نەیتوانیوە ئێرادە و ویستی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد تێک بشکێنێ . شار و گوند و دوڵ بە دوڵ و چیا بە چیای ئەم ناوچەیە شاهیدی خۆراگری و شەهامەتی گەلێک بووە کە ئیرادەی خۆی لە سەر ئاڵ و گۆری ئەساسی ئەم ڕێژیمە داناوە . هەر چەند مێژووی ئەم خەباتە پڕ لە شانازیە زۆر هەوراز و نشێوی بە خۆوە بینیوە , بەڵام لە ڕەوتی پەرەئەستێنەری خۆی بەردەوام نموونەی بەرزترین شێوازی خەباتی خەڵکی بووە وەک سەنگەری سووری ئازادی و خۆراگری ماوتەوە . گرێنگترین هۆکارێک کە دەتوانێ ئەمرۆکە هەوڵەکانی ڕێژیم لە هەموو بوارەکاندا لە گەڵ شکست ڕووبەروو بکات , سەرەرای خەباتی چەکدارانە وەک نەریتێکی شورشگێرانەی خەڵکی کوردستان , پاڵپشتی هەر چی زۆرتر بە سەر ڕێکخستنی بزووتنەوەی خەڵکی لە کوردستانە . بزووتنەوەی پەرەئەستێنەری ئێستای کوردستان تاکو ئێستا توانایی و زەرفیەتی زۆری لە بواری ڕێکخستن لە خۆیەوە نیشان داوە . ئەگەر چی ئەم جم و جوولانە بە شێوەیێکی گشتیدا خۆ بە خۆیی و بەربلاون , بەڵام بەربلاوی ئەوان خۆی نیشاندەری ریشە داربوونی ئەم جم و جوولانە و هێزی کردەوەی گشتی بزووتنەوەی خەڵکی لە کوردستانە . دەبێ بە لە بەر چاوگرتنی ئەم خاڵە بە هێزەی بزووتنەوەی ئێستای کوردستان بۆ بەرزکردنەوە و پەرەگرتنی ئەو هەنگاو هەڵگرین . ئەمڕۆکە لە کوردستان هەر کردەوەی دواکەوتووانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم چ لە ناوخۆی شارەکان و چ لە ناوچە سنووریەکانی کوردستان , سەرەرای کەش و هەوای سەرکوت و خەفەخان لە گەڵ دژایەتی خەڵک ڕووبەروو دەبێ و تەنانەت لە بەر کوژرانی کۆڵ کێشێکی زەحمەتکێشی ناوچە سنووریەکان خەڵک خۆپیشاندانی نارەزایی دژی ڕێژیم ساز دەکەن . ئەم جم و جووڵە نارەزائیەی کە ئەمڕۆکە بە شێوەیێکی بەرچاو پەرەی گرتووە و زۆر جار لایەنی هێرشی بە خۆیەوە دەگرێ , تەنیا لە حاڵێکدا دەتوانێ گەلی کورد بە ئامانجەکانی خۆی بگەیەنێ کە لایەن یان هێلێکی دیاریکراو بۆ خۆی دیاری بکات و بۆ ئەم کارە ڕێکخستنی تایبەتی خۆی داوا دەکات ڕێبەری ئەم خەباتە دەبێ بە کردەوە بکرێت و هەر هێزێک ئیدیعای ڕێبەری ئەم بزووتنەوەی هەیە , تەنیا لە ڕێگای ڕێکخستنی بزووتنەوەی خەڵکی و دامەزراندنی پێکهاتەکانی خەڵکی لە شارەکان و لادێەکان دەتوانێ ڕاستی و دروستی ئەم ئیدیعایە بسەلمێنێ . تەنیا لە ڕێگای دامەزراندنی پەیوەندی لە نێوان ئەم خەباتە بەربلاوانە و ڕاهێنانی ئەوان بۆ وەدی هاتنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی خەڵکی کورد , خەباتەکانی نارەزایی کۆمەلانی خەڵک دەتوانێ ببێتە هێزێکی بەرچاو لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی . پێویستی ئەم کارە لە یەکەم قۆناخدا تێگەیشتنی گرێنگی ئاوا ڕێکخستنێکە . چۆنکە هەل و مەرجی عەینی و بەرچاو بۆ ئاوا جم و جوولێک وجودی هەیە . بەڵام تاکو ئێستا ئاوا کە دەبوایە گرێنگی نەدراوەتە ڕێکخستنی ڕوون و دیاریکراوی ئاوا جوولانەوەیێک . شاهیدی ئەم ئیدیعایە ئەوەیە کە ئێمە ئەمڕۆکە لە کوردستانی شۆڕشگێر هیچ جۆرە پێکهاتی سەربەخۆی خەڵکی نابینین کە لە سەرانسەری کوردستان بە شێوەیێکی یەک پارچە و یەک دەست کار و چالاکی بکات . زۆربەی جوولانەوەکانی خەڵکی لە شارکانیش بە بێ هیچ چەشنە پێکهاتێکی دیموکراتیک و تەنیا بە شێوەیێکی خۆبەخۆیی روو دەدات . ئەم شتە نەک تەنیا هێز و توانای گەلی کورد بە فێرو دەبات , بەڵکو دەرفەتێکی باش بۆ ڕێژیم پێک دێنێ تاکو پاش هەر زەبرێک کە لێ دەکەوێ بە ڕێکخستنی سەر لە نوێ هێزی خۆی و توانای زۆرتر و ڕێکتر لە پێش دا هێرشی خۆی بۆ سەر خەڵک دەس پێ بکات و بزووتنەوەی خەڵکی سەرکوت بکات . ئەمڕۆکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتەکانی دژی شۆڕشگێرانەی خۆی هەموو کارێک دەکات , ئەمڕۆکە کۆمەڵانی گەلی کورد بە شێوەیێکی بەربلاوتر هێرش دەبەنە سەر ڕێژیم و پەرە دەدەنە خەباتی نارەزایی خۆیان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی . ڕێکخستنی جوولانەوەی خەڵکی زۆرتر لە هەر کاتێکیتر پیویستە . دامەزراندنی پێکهاتەکانی خەڵکی لە کوردستان , چ لە ناوخۆی شارەکان و چ لە لادێەکان ئەرکی بێ درەنگ و ئێستای هێزەکانی شۆڕشگێرە . ڕێکخستنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی شار , ژنان و زەحمەتکێشانی لادێەکان لە بەرانبەر بەکرێگیراوانی ڕێژیم , لە ڕێکخراوەکانی سەربەخۆی خۆیان , بە لە بە چاوگرتنی هەل و مەرجەکانی تایبەتی بزووتنەوەی کوردستان و تێکەڵ کردنی ئەم خەباتانە لە گەڵ شێوازەکانی بەرزتری خەبات لە کوردستاندا , تەنیا زامنی گۆڕینی ئەم خەباتە بە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سەرکەوتوو و پیرۆزی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد .





# بلاوکردنەوەی موخەدیرات وچارە رەشی و ئیدعای خەبات دژی ئەو

تا ئێستا سەدان یاسای (( خەبات دژی موخەدیرات )) لە کۆماری ئیسلامی پەسەند کراوە کە سەرجەم ئەم یاسا پەسەند کراوانە تایبەتە بە ئیعدام کردنی ئەو کەسانەی کە موخەدیرات بە کار دێنن . بەڵام نەک رادەی ئەم کەسانە بەم کۆشتارە وەحشیانەیە لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی دانەبەزیوە , بەڵکو رۆژ بە دوای رۆژ دا بە رادەی ئەوان زیاتر دەبێتەوە و هەموو کەسێک دەزانێ کە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بە دەسەلات گەیشتنی سەرچاوەی بلاو بوونەوەی هەموو شتەکانی خراپ و نەفرەت لێکراوی سیستەمی سەرمایەداری ئەویش بە ئاشکراترین شێوەیەتی کە بلاو کردنەوەی موخەدیراتیش وەک یەکێک لە ئامرازەکانی چارەرەشی کۆمەلانی خەلک و دیل کردنیان لە لایەن سیستەمی سەرمایەداری ئێرانە کە کۆماری ئیسلامی وەک سەرخانی سیاسی ئەو هەلدەسنگێندرێت .

کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشی تاکو نیشان بدات بلاو بوونەوەی موخەدیرات لە نەبوونی یاساکانی توند و تێژی زۆرتر لە خەبات دژی ئەم گرفتە گەورە کۆمەلایەتیە و بۆیە هەر جار کە ئەم بابەتە دەنگ دەداتەوە , پێ لە سەر ئەمە دادەگرن کە دەبێ توندەوتێژی و ئیعدام ئەو کەسانەی کە مەوادی موخەدیر بە کار دێنن زۆر بکرێ.

بەلام راستیەکان چیە ؟

ئەمەی کە زۆر روون و ئاشکرایە ئەمەیە کە کۆماری ئیسلامی , بە یاسا و بێ یاسا تاکو ئێستا هەزاران کەس لە قوربانیانی موخەدیراتی داوەتە بەر دەستەی ئیعدام و نموونەی ئەم کۆشتارانە , قەسابخانەکانی ئینسانە کە لە لایەن خەلخالی بەرێوە چوو . بۆیە ناتوانین بلێین زۆرتر کردنی رادەی ئیعدام کردنی ئەو کەسانەی کە موخەدیرات بە کار دێنن دەبێتە هۆی دابەزینی رادەی ئەوان و لە ناو چوونی ئەم گرفتە کۆمەلایەتیە .

ئەمەی کە دەبێ بیر لی بکەین ئەمەیە کە رۆژانە هەزاران تەن مەوادی موخەدیر چۆن بلاو دەکرێتەوە و چۆن و لە لایەن چ دەزگایکی بە هێز بەرهەم دێت و بلاو دەکرێت راستی ئەمەیە کە تاقمەکانی ئەسلی بەرهەم هێنانی موخەدیرات و قاچاخ کردنی ئەوان , نەک تەنیا لە ناوخۆ ولات بەلکو ناردنی ئەو بە دوورترین شوێنەکانی جیهان هەروا کار بە دەستانی کۆماری ئیسلامین . دۆزینەوەی مەوادی موخەدیر لە جانتەکانی بەرپرسان و دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ولاتانی دەرەوە بابەتێکی حاشا هەلنەگرە و هەموو کەسێک پێ دەیزانێ . بەلام بابەتەکە تەنیا بەم جێگایە بەربەست ناکرێ . ئەمرۆکە دەبینین کە بەرهەم هێنان و دابەش کردنی موخەدیرات یەکێک لە سەرچاوەکانی گرێنگی داهاتی کۆماری ئیسلامیە . بۆیە سەرەرای هەموو دۆزینەوەکانی موخەدیرات لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەروا سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ئەم مەوادە نەناسراو دەمێنێ و تەنیا ناوی ئەوانەی کە دابەش دەکەن دەگۆترێ . بەلام بەرهەم هێنانی ئەم مەوادە هەروا درێژی هەیە .

قاچاخی موخەدیراتیش وەک قاچاخی هەموو شتەکانیتر تەنیا لە دەستی کۆماری ئیسلامیە و دۆزینەوەی ئەم موخەدیراتە تەنیا کاتیک بە ئەنجام دەگات لە ناکۆکی و شەڕ لە نێوان تاقمەکانی مافیای دەسەلاتدار بەرز دەبێتەوە و هەر تاقمێک تێ دەکۆشی تاکو پەرە بە سنووری چالاکی خۆی بدات . دەیاساکانی کۆماری ئیسلامیش بە بێ ئەوەی کە کارێکی بە سەر سەرچاوەکانی بلاو کردنەوەی موخەدیرات بێت , بۆ فریودانەوەی بیر و بۆچوونی گشتی , ماشینی کۆشتاری خۆی بە کار دێنی و سەدان کەس لە قوربانیانی قازانج خوازی سیستەمی گەندەلی کە خۆی بە سەر خەلک داسەپاندووە و هۆی هەموو چارە رەشیەکانە , ئیعدام دەکات . و لەم نێوانەدا هەم ئیدعای خەبات دژی مەوادی موخەدیری هەیە و هەم بلاوکراوانی ئەسلی موخەدیرات کە کەسانێک جگە لە سەرکردەکانی رێژیم نین بتوانن بە خەیالێکی ئاسوودە و بێ دلەراوکەیی موخەدیرات بەرهەم بهێنن و دابەشی بکەن . کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا نایهەوێ دژی موخەدیرات خەبات بکات بەلکو بلاوکردنی موخەدیرات وەک یەکێک لە ئامرازەکانی دەسەلاتداری نکبەت باری سەرمایە لە چارەرەشی کۆمەلانی خەلک و سستی و دیل کردنیان بە پێویست دەزانێ . زیاتر کردنی مال و سامانی سەرمایەداران لە گیرۆی زۆرتر بوونی موخەدیرات , لەش فرۆشی , و هەزاران دەرد و بەلا و چارەرەشیە کە سیستەمی سەرمایەداری تووشی خەلکی کردووە .

تەنیا بە نەمان و رووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری و لە ناوچوونی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ و قازانج خوازی بێ سنووری سەرمایەداران و پارێزەرانی ئەوانە کە نەسلی مرۆڤ خۆی لە قەید و بەندی هەزاران نکبەتێک کە ژیانی ئەو بەرەو نەمان و وێرانی دەبات رزگار دەکات . ئەو کاتەیە کە مرۆڤ ناچەوسێندرێتەوە و خۆی خاوەن دەس رەنجی خۆی دەبێ و تالان و دزی مانای خۆی لە کۆمەلگا لە دەست دەدات .

# جووڵانەوەی ١٨ پووشپەڕی ١٣٧٨ ی خوێندکارانی زانکۆ بۆ ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی

جووڵانەوەی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی کە بە هەڵە (( بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکۆ )) ناوبرا , بێ گومان جووڵانەوێکی خەڵکی بوو کە لە بارودۆخێکی تایبەتی کە خوێندکارانی زانکۆ خولقاندیان , کەڵکی وەرگرت. ئەم جووڵانەوەیە رەنگدانەوەی ڕق و بێزاری کۆمەڵانی



چەوساوە و ستەم لێکراوێك بوو کە راپەرینی ٣٣ ساڵ پێشی ئەوان بۆ دیموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە لایەن کۆنە پەرستانی ئیسلامی سەرکوت کرا بوو . ئەم جووڵانەوەیە رەنگدانەوەی ٣٣ ساڵ بێ بەشی سیاسی, ئابووری و کومەڵایەتی لە هەموو ئەو شتانەی بوو کە بە مافی مرۆڤ بە ناو بانگە . رەنگدانەوەی نارەزایەتی خەڵکی بوو کە ٣٣ ساڵ لە ژێر پێی قورسی کۆنە پەرەستی رەشی مەزهەبی و سەرمایەداری تالانچی و شەڕخواز سەرکوت کرا بوو .

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی (( جووڵانەوەی پووشپەڕ )) بە نیسبەت جووڵانەوەکانیتر لە مەودای دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت دەورانی پاش شەڕ , هەروا خەڵکی بوونی بوو کە هەم ناسێنەری بەربڵاوی ئەم جووڵانەوەیە بە نیسبەت جووڵانەوەکانی پێش لە خۆی و هەم ناسێنەری لایەنی سەربەخۆ و چینایەتی ئەو بوو . ئەم دو تایبەتمەندیە کە لە رادیکاڵ بوونی خێرای دروشم و داخوازیەکان و کردەوەی کینەیی و توند و تێژی خۆی نواند بوونە هۆی ئەوەی کە بۆ جارێکیتر ئەو بەشەی لە بورژوازی و وردە بورژوازی بە رواڵەت ئازادیخواز و ریفورم خواز کە بە دەوری پلاتفورمی خاتەمی کۆ بوون لە نیوەی رێگادا زورنای پاشەکشە لێ

دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکە کە (( بەرەی دووی جۆزەردان )) یەکان بە کەڵك وەرگرتن لەو تێ دەکۆشن رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە رووخان و تێك شکانی رزگار بکەن.

کردەوەی باڵی تری دەسەڵات بە نیسبەت نیشاندانی گاڵتە بازاری هێز و توانای (( دەفتەری سەقامگیری یەکگرتن )) یش ( دفتر تحکیم وحدت) کردەوەێکی تازە و سەیر نەبوو . ئەمە یەکەم جار نەبوو کە چەقۆکێشانی ئەم باڵە عەربەدە کێشە هاتنە مەیدانەوە و بە دروشمی (( دەیکوژم , ئەیدرم , ئەیبرم )) بێ ئەوەی کە لە نێوان دۆست و دوژمن جیاوازی دابنەن خەرێکی دەست و پێ شکاندن و خنکاندن بوون و سەرەرای رواڵەتی وشکە مەزهەبی کە بە خۆوە دەگرن تەنانەت لە سوتاندنی قورئان و داخستنی عەمامەیش بۆ خۆڵقاندنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن خۆ ناپارێزن . ئەم جارەیش داربەدەستانی دەسەڵات بە هێرش کردن بۆ سەر بەشی ناوخۆیی خوێندکارانی زانکۆ و ئاگر تێ بەردانی کەل و پەلی خوێندکاران و کۆشتنی چەند کەسێك لە خوێندکاران دەیانویست بە خەیاڵی خۆیان بۆ نەیاران سنوور دیاری بکەن .

تایبەتمەندی ئەم جووڵانەوەیە بە نیسبەت جووڵانەوکانی رابردوو لەوێدا بوو کە هیچ کام لە دوو

رۆژنامەکانی (( کیهان )) و (( اطلاعات )) و راگەینەرەکانیتری ژێر رەکیفی باڵی داربەدەست , خوێندکارانی سەربەخۆ (( بەکرێگیراوی بێگانە )) ناو دەبرد , رۆژنامەکانی (( نشاط)) و (( هەمشهری و گۆڤارەکانیتری سەر بە باڵی ریفورم خواز تومەتیان دا کە ئەوان بەرد دەهاوێژن و تایە ئاگر دەدەن , بەکرێگیراوان و ئەنساری حیزبوڵلان کە تێ دەکۆشن جووڵانەوەی خۆێندکاران بە لارێ ببەن و لە رەوتی یاسایی خۆی دەرێ بکەن . بەڵام هیچ کام لەم تومەتانە موعجزەی نەکرد .

خوێندکاران و لاوانی راپەریو دروشمیان دەدا , (( یان مردن , یان ئازادی )) و بەم شێوەیە و بە دەربرینی نارەزایی خۆیان گاڵتە بازاری شارستانیەتی ئیسلامیان تێك و پێك دا .

بەشداری کۆمەڵانی خەڵك لە خۆپیشاندانی نارەزایی سەرشەقامەکان لە دەوروبەری گەرەکی زانکۆ و هەروا بڵاو بوونەوەی نارەزایەتیەکان بۆ شارەکانیتر , نیشاندانی هێز و توانای خەڵکی و بێ هێزی و بێ دەسەڵاتی دەسەڵاتداران لە بەرانبەر لافاوی خرۆشانی خەڵك بوو . تکا و رجاکانی خامنەیی و خاتەمی , وەعد و بەڵێنەکانیان بۆ گرتنی ئەوانەی کە هێرشیان کردە بووە سەر بەشە ناوخۆیەکان و دەرکردنی سەرکردەکانی هێزەکانی ئاسایش کاتێك بێ ئاکام بوو

بدەن و لە سەرکوت و ڕاگرتنی جووڵانەوە لە گەڵ دواکەوتووترین باڵی بورژوازی ئێران لە دەسەڵاتدا هاودەنگ بن . مەجبوور کردنی خەڵك بە مل کەچ بوونی یاسا , متمانەدان بە بنیاتەکانی حکومی و

باڵی دەسەڵات نەیانتوانی کۆنترۆڵی بکەن . سەرەرای هەرەشە و تۆقاندنی باڵی عەربەدەکێشی ڕژیم و ئاموژگاری قەڵەم بەدەستان و ماستاوچیەکانی باڵی ریفۆرم خواز , بەشێکی گەورە لە خوێندکارانی زانکۆ خوازیاری دەرچوون لە زانکۆ بوون و رۆژنامەکانی سەر بە باڵەکانیش نەیانتوانی بەرگری بکەن لە دەرچوونی خوێندکارانی سەربەخۆ لە زانکۆ. خوێندکارانی سەربەخۆ بە کردەوە و بە دەرچوون لە زانکۆ توانیان رێبەری جووڵانەوە بە دەستەوە بگرن.

جێگای خۆی دایە هەرەشە و دەسگیری بەربلاو کە نیشاندەری ئەو پەڕی ترسی سەرەکردەکانی تەواوەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نارەزایەتی بەربلاوی خەڵکی بوو . بێ گومان بزووتنەوەی خەڵکی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی خەباتی خەڵکی بردە قۆناخێکی نوێ یەوە . ئەمەیّ کە دەڵێن قۆناخێکی نوێ , سرووشتیە یەکەم لە لایەنی مێژوویی ئەو و پاشان لە لایەنی سیاسی ئەوە .

بەم مانایە کە دەورەی گۆمان و دوو دڵی بە باڵی ریفۆرم خوازی ڕێژیم گەیشتە کوتایی خۆی . ڕاپەڕینی شەش ڕۆژەی پووشپەڕ ئەگەر چی زۆر خێرا سەرکوت کرا , بەڵام لە مەودای تەمەنی کورتی خۆیدا بە باشی رووخسار و سیمای خاتەمی و کار بەدەستان و بەکرێگیراوانی سەر بە باڵەکەی ئەوێ وەدەرخست . لە گەڵ پەرەگرتن و تووند بوونی دژایەتیەکانی کۆمەڵایەتی , خاتەمی ڕۆڵی سەنتەر بوونی لە دەس دا و مەجبوور بوو کە لە نێوان هێزەکانی ئاڵ و گۆڕ خواز و خوازیاری مانەوەی ڕێژیم یەکێك هەڵبژێرێ . ئەویش هەر ئەوێ هەڵبژارد کە لێ چاوەروان دەکرا .

هاودەنگ لە گەڵ هاوکارانی خۆی کە هاواریان دەکرد (( بیگرن , بیبەسن , بیکوژن )) لە (( هەوڵ و تەقەلای پڕ لە بایەخی وەزارەتی زانیاری کە لەم بوارەیشدا شان بە شانی هێزەکانی ئاسایش و سەربازی بۆ سەقامگیری ئەمن و ئاسایش !! تێکۆشا بوون )) سوپاسی کرد .

ئەم جووڵانەوە خۆبەخۆیی خەڵکیە , هەموو ئەوانەی کە دەیانویست لە چوارچێوەی ڕیفورمەکانی ئەم ڕێژیمە بجووڵێنەوە و تاکو ئێستا لە نەبوونی بەربلاوی کۆمەڵانی خەڵك لە گۆڕەپانی سیاسەت کەڵکیان وەر گرتووە , و خۆیان وەك هێزێکی ناسراوی سیاسی ناو دەبرد , لە خەون هەستن و سەڵماندنی کە کاتێك ڕق و بێزاری کۆمەڵانی خەڵك بتەقێتەوە , تەنیا ئەو هێزانەی کە نەریتی ڕاپەڕین و دروستی گۆڕانکاریەکانی شۆڕشگێرانە قبوول دەکەن و بۆ ئەم جووڵانەوە خاوەن یاسا کۆمەڵایەتیە پرۆگرامی دیاریکراویان هەیە , دەتوانن خەباتی خەڵکی بەرەو پێش ببەن .

ڕاپەڕینی پووشپەڕ هەروا گرینگی پەیوەندی لە نێوان بزووتنەوەی ناوخۆیی و دەرەوەی وڵاتی نیشان دا . ئەگەر چی ڕێژیم ئەو هێزانەی کە بە هۆی سەرکوتی بەربلاوی سیاسی ئیمکانی چالاکی بەربلاو و ئاشکرا لە ناوخۆ وڵاتیان نیە , بە ناو (( گروهك )) بچووك دەژمێرێ و گاڵتەیان پێ دەکات , بەڵام ئەم ڕاپەڕینە نیشانی دا کە دروشمەکانی ئەم گروهەکانە !! بۆ ڕووخاندنی تەواوەتی کۆماری ئیسلامی و خەباتی شۆڕشگێرانە بۆ ئازادی تا چ ڕادەیێك ڕیشەی خۆی لە ناوخۆی کۆمەڵگا داکوتاوە و چون بیر و بۆچوون و پرۆگرامی ئەم گروهەکانە !! دەتوانێ کوڵەکەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە جێ دەر بهێنێ بەڵام گرینگترین دەسکەوتی ئەم بزووتنەوەیە لە ئاستی نێونەتەوەیی و لە ئاشکرا کردنی ڕۆڵی خاتەمی بوو .

کردەوەکانی دوایی ڕێژیم بۆ سەرکوتی هەر چەشنە نارەزایی , بە باشی نیشانی دا کە پایەدارترین بەرە بۆ ئازادیەکانی سیاسی لە ئێران بەرەیێکە کە لە دژایەتی لە گەڵ تەواوەتی سیستەمی کۆماری ئیسلامی پێك دێت و هەموو باڵەکانی ڕێژیم و هەموو دەست و کلکەکانی لە نێوان ریزەکانی ئۆپوزسیون لە بەرانبەر ئەم بەرەیە لە یەك ریز ڕاوستاون .

پەیامی ئەم بزووتنەوەیە بۆ هێزە و ڕێکخراوەکانی کۆمۆنیست و شۆڕشگێریش زۆر روون بوو . شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئێران هەزاران سەربازی گیان فیدای هەیە کە پێویستیان هەیە بە تەجرووبەی ئێوە لە بواری ڕێکخستن , دیاریکردنی هێلەکانی جووڵانەوە و پێك هێنانی شەبەکەی پەیوەندی گرتن لە گەڵ گروپەکانیتری کومەڵایەتی .

ڕێکخستنی هەموولایەنەی هێزەکان بۆ وەڵامدانەوە بەم پێویستیە ئەرکی سەرەکی هەموو هێزەکانی شۆڕشگێرە . سەرکوتی ڕاپەڕینی شەش ڕۆژەی پووشپەڕ هیچ کات بە مانای مردنی ئەم بزووتنەوەیە نەبووە و نیە و پەرەگرتنی ئەم بزووتنەوەیە لە چەند ساڵی ڕابردوو و پاش ڕاپەڕینی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی بە تایبەت لە یەك ساڵی ڕابردوو لە خۆپیشاندانی خەڵکی وەك خۆپیشاندانی ژنان , لاوان , و کرێکاران و زەحمەتکێشان , خوێندکاران و قوتابیان و هەروەها دەیان و سەدان چەشنە مانگرتن و ڕێپێوان , ڕاستی و دروستی ئەم ڕوانگەیە دەسەلمێنی کە هەر جووڵانەوەیکی کۆمەڵایەتی هەوراز و نشێو بە خۆوە دەبینێ و سرووشتیە کە جووڵانەوەیکی خۆبەخۆیی کە ڕێك نەخرا بێت بە خێرایی تووشی لاوازی و کز بوون دەبێت .

جووڵانەوەی پووشپەڕ سەرەڕای تەمەنی کورتی خۆی توانی کەش و هەوایێکی سیاسی لە ناوخۆ کۆمەڵگا بکاتەوە و هەزاران لاو بهێنێتە ناو گۆڕپانی سیاسی کۆمەڵگا کە ئەم لاوانە لە سەرەتای هاتنیان بە بەرد و دار چوونە شەڕ دژی هێزەکانی سەرکوتگەر و چەقۆکێشانی ڕێژیم . ئەوان توانیان بە تێ گەیشتنی شۆڕشگێرانە پەردەکانی گۆمان و دوو دڵی بە نیسبەت دەسەڵاتی داسەپاو هەڵدڕن و پووچەڵ بوونی دەزگای سەرکوت بە هەموو کەس نیشان بدەن.

**سوسیالیزم ژیانێکی جیهانی بەرەسمی دەناسێت کە لەوێدا سنوورەکان مانایکی یان نیە .**

**ئێمە خوازیاری یەکگرتنی هەموو نەتەوەکان وەك کۆمەڵگای ئینسانین. بەلام نە لە ڕێگای زۆرو ستەم. بەڵکو لەسەر ئەساسی هەڵبژاردنی ئازاد.**

**کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران کە لەیەکگرتنی دڵ خوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکان نەتەوەکان و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان پێك دێت مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان تاکو سەربەخۆییان بەرەسمی دەناسێت.**

# بزووتنەوەی دواکەوتووی سەوز و مەسەلەی ژنان !





### زخم سیاه

که ایستاده به درگاه ... ؟
آن شال سبز را ز شانه ی خود بردار
بر گونه های تو ایا شیارها
زخم سیاه زمستان است ... ؟
در رزیش مداوم این برف
هرگز ندیدمت
زخم سیاه گونه ی تو
از چیست ؟
آن شال سبز را ز شانه خود بردار
در چشم من
همیشه زمستان است

لە هەموو سالەکانی پاش راپەرینی ٥٧ و بە تەایبەت لە دەیەی شەست دا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ژنان لە تەمەنی ١٤ تاکو ٢٨ سال لە زینداندا بوون کە بە شەر و دوژمنایەتی لە گەڵ نیزامی پیرۆزی !؟ کۆماری ئیسلامی مەحکوم کرا بوون .ئەم ژنانەیش وەک دەیان هەزاران زیندانی سیاسی تر کە موخالیفی کۆماری ئیسلامی بوون لەو دورانە ترسناکە دا دەبوایە ئیعدام کرابان بەڵام لە نەزەری مەلاکانی حاکیم بە سەر ئێرانەا گرفتی ئەساسی بۆ ئیعدام کردنی ئەوان بە پێ حەیسەکانی پەیغەمبەری ئسلام و ئیمامانی شیعە ئەوە بوو کە کچانی باکرە ئەگەر بکوژرین تەنانەت ئەگەر تاوانی گەورەیان کردە بن دەچنە بەهەشت و قازیە شەرعەکان و هیزەکانی حیزبولاهی و پاسداران و مودیرانی تری حاکمیەت بۆ ئەوەی کە ئەمانە نەچنە بەهەشتی ئەوان پێش لە کوشتنیان دسدرێژیان دەکرنە سەر . بە رای ئەوان دوژمنانی کۆماری ئیسلامی و نیزامی پیرۆزی ئەوان دەبوایە سەختترین عەزابی ئەم دونیاو ئەو دونیایان بەر کەوتبایە .

بۆیە کچانی خەباتگێری باکرە دەکەتنە بەر دەسدریژی جینسی بەکرێگیراوانی رژیم لە ناو زیندانەکان و پاشان ئیعدام دەکران تاکو بەحوکمی میشکی پیس و بۆگەنی ئەوان کە پەیرەوی لە ئەحکامی رزیوی ئیسلامی دەکرد قوربانیانی کچی ئەوان عەزابی ئەم دونیا و ئەو دونیایە لە لایەن ئەوان و خوای ئەوان ببینن . رەزالەت و پەستی بەو رادەیە بوو کە پاش ئیعدام کردنی کچانی خەباتگیر لە ناو زیندانەکان پاسدارێکی بۆگەنی و ئینسان کوژ دەروشتە بەر ماڵی ئەو کچە و سەرەرای گەرانەوەی ساک و وەسایلی ئەو کچە بۆ لای بنەماڵەکەی شیرینی و برێک پولی وردی دەدایە بنەماڵەکەی وەک شیرینی و پولی مارەی کچە ئیعدام کراوەکە .

ئەم راستیکە کە دەبی ژنان و کچانی لایەنگری بزووتنەوەی سەوزی میرحوسین موسەوی و کەروبی جنایەتکار وەک بریاردەرانی ئەم جنایەتانە بزانن و تێ بگەن لەوەی کە دەسدرێژکەرانی سەر کچان لە زیندانەکان ئەمرۆکە ریفورمخوازانی سەوزن .

ئایا ئەم جورە جەلادانە دەتوانن ئازادی و بەرابەری بۆ نەسلی ئینسان بە گشتی و کچان و ژنانی ژیر دەستە بە تایبەتی لە ولاتی ئێمە بە دیاری بهێنن ؟

سەر کردەکانی ئەمرۆی بزووتنەوەی سەوز بازجوەکان , ئەشکنجە کەران , زیندانبانان و عەربەدەکیشانی دەیەی شەست بوون کە لە زیندانەکانی سەدەی ناوەراستی کۆماری ئیسلامی بریارەکانی ئیلاهی و ئیسلامیان جێ بە جێ دەکری .

بریا کچان و ژنانی لایەنگری بزووتنەوەی سەوز بۆ ساتێک بیر لە ئەو کچ و ژنانەی بکردبان کە دەست و پێ بەستراو لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دەسدرێژیان دەکردنە سەر .

مەگەر نە ئەوەی کە پتر لە ٣٠ سال جنایەت و کوشتار بە رێنمایی سەرکردەکانی ئەمرۆ و دوێنی کۆماری ئیسلامی بەرێوە چووە . بۆ چی ئمرۆکە لایەنگری چاو و گوێ بەستراوی بزووتنەوەی دواکەوتووی سەوز نایەوێ ئەم راستیە قبوول بکات ؟

سەرکردەکانی بزووتنەوەی سەوز هەر هەموویان مەجیزە گۆی جەلایی جەماران خومەینی جنایەتکار بوون و سەگی وەفاداری نیزامی سەرتا پێ گەندەلی کۆماری ئیسلامین ئێستا کە بە بوونی خامنەیی بێت یان بەبێ ئەو .

تیئوریسیەنی بزووتنەوەی سەوز واتە خاتەمی جنایتکار لە بارەی لاجەوردی پەست فترەت دەڵێ کە ئەو سەربازی سەخت کۆشی شۆرش و خزمەتکاری خەڵک بوو . عەجەبا لاجەوەردی جنایەتکار کە لە شانازیەکانی ئەو قەتل و عامی زیندانی سیاسی و دەسدرێژی بۆ سەر کدان و ژنانی زیندانیە .

ئەوەی کە لە دەنگدانە کان حازر دەبێ چ بە موسوی دەنگ بیات چ بە ئەحمەدی نەژای لە هەر دوو حاڵدا دەنگی داوەتە بوونی سیستەمی داسەپاو و حاکمیەتی جەهل و جنایەتی کۆماری ئیسلامی .

# یادی هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف

# لە ئیرادەی پۆلائینی فیداییانی

# کۆمۆنیست هەردەم زیندووە !



ڕۆژی هەشتەمی پووشپەڕی ساڵی 1390 , 35 ساڵ بە سەر شەهید بوونی سیمای ناسراوی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران , ڕۆڵەی شۆرشگێر و پڕ لە هەستی کرێکاران و زەحمەتکێشان , خەباتگێری ڕێگای ڕزگاری و سوسیالیزم , هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرف , یەکێک لە دامەزرێنەران و ڕێبەرانی مەزنی ڕێکخراوی ئێمە و ٩ هاوڕێتری فیدایی : مەحمەد رەزا یەسربی , لایق مهرەبانی , غولام عەلی خەرات پوور ، عەسگر حوسێنی ئەبرەدە , عەلی ئەکبەر وەزیری , مەحمەد حوسێن حەق نەواز , تاهیرە خورەم , یوسف قانع خۆشکە بیجاری و فاتیمە حوسێنی تێدەپەرێ . ئەو جنگاوەرە کۆمۆنیستانەی کە حەماسەی خۆڕاگری هەست بزوێنی ئەوان لە بەرانبەر بە کرێگیراوانی سەرمایە لە هەموو جێگایێک دەنگی داوە ئەمرۆ پاش تێ پەر بوونی 35 ساڵ هێشتا ناوی حەمید ئەشرف وەک جەنگاورێک پڕ لە هەست , شۆرشگێری سەر سەخت و کۆمۆنیستێکی ڕێکخەر لە سەر ئالای خەباتی خوێناوی چینی کرێکار و کۆمەلانی خەڵکی ژێر ستەمی ئێران ئەدرەوشێتەوە . کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران ناوی حەمید ئەشرف لە خۆراگری بێ وێنە و شەڕەکانی قارەمانانەی دژی ئینسان کوژانی ڕێژیمی شا و بە کرێگیراوانی سەرمایە , دەناسن . حەمید بە کینە و ڕقی قووڵ بە نیسبەت دوژمن , و عەشقی لە بن نەهاتوو بە نیسبەت ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان , لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ گرفت و موشکیلەکانی گەورەی چالاکی و خەباتی نهێنی و لە بەرانبەر لافاوی بەربلاوی هێرشەکانی ڕێژیم , ئاوا ویست و ئیرادە و بڕیارێکی هەبوو کە هیچ ڕێگرێک توانای ڕاوەستان لە بەرانبەری ئەو نەبوو . حەمید لە مەودای ساڵەکانی خەبات لە سەنگەری ڕێکخراو , بە ئاشنایی تەواو بە سەر شێوەکانی خەباتی نهێنی , لە گەڵ ئاگری چەکی خۆی ئاوا ترسێک خستە بووە ناو دڵی ئینسان کوژانی ڕێژیمی شا , کە لە پشت دیوارەکانی پارێزراوی خۆیان دا هەست بە ئەمنیەت و ئاسایشیان نەدەکرد . حەمید ئەشرف زۆرتر لە ١٤ جار ئاڵقەی گەمارۆ و کەمینی پۆلیسی دوژمن بە وریایی بێ وێنە و شەڕی قارەمانانەی هەست بزوێن تێک شکاندە بوو . قارەمانیەکانی هەست بزوێن و شەڕەکانی حەماسەیی ئەو لە نێوان خەڵک وەک موعجزە چاوێ لێ دەرکرا . بەڵام حەمید نەک تەنیا لە کاری نیزامی و شەڕی گەریلایی , بەڵکو لە ڕێکخستن و ڕێبەری سیاسی تەشکیلاتیش لە لێهاتوویی یەک جار زۆر بەهرەمەند بوو. حەمید ئەشرەف پاش زەبرە قۆرسەکانی پۆلیسی ساڵەکانی ١٣٥٠ - ١٣٤٩ ی هەتاوی ( ١٩٧٠ - ١٩٧١ ی زائینی ) لەو هاورێیانەی بوو کە بە ئێرادەیێکی پۆلائین خەریکی نوژەن کردنی تەشکیلات بوو و بە چالاکی شەوانە - ڕۆژانەی خۆی بەردەوامی چالاکی ڕێکخراو تەزمین کرد . هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف بە ئەسڵی ڕێکخستن , ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتنی مارکسیستی - لینینیستی و ڕێک و پێکی و دیسیپلینی تەشکیلاتی گرێنگی یەکجار زۆری دەدا . لە حاڵێکدا لە بەرانبەر هاورێیانی تەشکیلات , خۆی بە زل نەدەزانی و ڕەخنە دەگرت لە هەڵەکان و کەم و کۆریەکان , لە هەمان حاڵدا لە بەرانبەر بە لارێ چوونەکان سەر سەخت بوو و بە توندی لە بەرانبەریان ڕادەوستا . ئەو بە پێداچوونەوەی بەردەوام لە سەر خاڵەکانی لاوازی و بە هێزی ڕێکخراو و لە بەر چاوگرتنی ئەزموونەکان و کەڵک وەرگرتن لەوان لە خەبات , ڕێکخستن و ڕێبەری تەشکیلات بە شێوەیکی خۆلقێنەر ئوسوڵەکانی تیئوری و پراتیکی پێکەوە گرێ دەدا . حەمید بە لە بەر چاو گرتنی ئەم ئەزموونانە زۆر جار ڕێکخراوی لە ژێر زەبری پۆلیسی بە ڕێکخستنی سەر لە نوێ ئەو و هەموو ئارەزوەکانی ڕێژیم پووچەڵ دەکرد و پروپاگەندی سەرکردەکانی ڕێژیم سەبارەت بە تەواو بوونی کاری ڕێکخراو بەرپەرچ دایەوە . ئەرکی حەمید ئەشرەف زۆرتر لە هەموو شت لە پاراستن و بەردەوامی چالاکی ڕێکخراو بوو کە سەرەڕای زەبرەکانی قورسی پۆلیس و دەسگیری و شەهید بوونی ڕێبەرانی ئەو , دەبوایە وەک تەنیا ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا درێژە بە چالاکی خۆی بدات , تاکو لە ئامانجەکان و ئارمانی چینی کرێکار دیفاع بکات . لەو کاتەدا بوو کە ئەو ئۆپۆرتونیستانەی بۆ دروست نیشان دانی ساڵەها بێ کردەوەیی و سەر لێ شێواوی خۆیان , هەر جار کە ڕێکخراو دەکەوتە بەر هێرشی شێتانەی ڕێژیم , بە پروپاگەندی دواکەوتووانەی ڕێژیم پەرە دەدان و دووپاتی دەکردنەوە , گاڵتەیان بە حەماسەکانی قارەمانانەی هاورێیانی ئێمە دەکرد و هندێک جار بە شێوەیکی ئاشکرا و بێ شەرمانە هاودەنگ لە گەڵ بەکرێگیراوانی ڕێژیم ڕایان دەگەیاند کە کاری ڕێکخراو تەواو بووە . بەڵام هەر جار ئەزموون بە شێوەیکی حاشاهەڵنەگر ئیدیعاکانی بەکرێگیراوانی سەرمایە و قسە پڕ و پووچەڵەکانی ئۆپۆرتونیستەکانی بێ کردەوەی ئاشکرا دەکرد و زۆرتر لە پێش دا نیشانی دەدا کە مێژووی خەباتی چینایەتی بە خۆراگری و خوێن و حەماسە دەنووسرێ . خەبات یان شەڕی بێ وچانی چینەکانی دژ بە یەک بەردەوام دەبێ . ئامانجەکانی پرولتیاریا نەک لە ڕێگاکانی ئاشتی خوازانەی خەباتی چینایەتی , بەڵکو لە ڕێگاکانی دژوار و لە نێوان ئاگری شەڕە قورسەکان تێ دەپەرێ . ڕێژیمەکانی دواکەوتوو هەر جار کە هێرشیان هێناوەتە سەر ڕێکخراوی ئێمە و زەبریان لە ئێمە وەشاندوە , لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیان هەزاران جار کاری ئێمە تەواو بوو ڕاگەیاندون , بەڵام کێیە کە نەزانێ ئەم ڕێکخراوە کە شکست قبووڵ ناکات بە خوێن و حەماسەی هەر جار بە ئەزموون تر و قایمتر لە پێش دا , لە هەموو شەڕەکان سەر بەرز سەرێ هەڵداوەتەوە و لە ڕێگای خەبات واتە ڕێگای خوێناوی شورش بەردەوام بووە . لەو کاتەی کە لە هاوینی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی ( ١٩٧٦ی زائینی ) هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف و ٩ کەسێکی تر لە هاوسەنگەرانی پاش چەندین کاتژمێر شەڕی نابەرانبەر شەهید بوون , بۆ جاریکی تر دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕێژیم گۆتیان ڕێکخراو لە ناو چووە . ئوپۆرتونیستەکانی جۆربەجۆر لە ماڵە ئەمنەکانی خۆیان و لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی روشنبیری دەرەوەی وڵات لاپەرەی زۆریان رەش کردەوە تاکو راستی و دروستی تیئوریەکانی شکست خواردوی خۆیان بسەلمێنن , بەڵام زۆری نەخایاند کە دیسان فیدائیان واتە پارێزەرانی خوێنی حەمید ئەشرەفەکان , خەون لە چاوی ئینسان کوژان گرتن و هەموو هەوڵ و تەقەلای ئوپۆرتونیستەکانی نیشتمانی و لایەنگرانی خەباتی ئاشتی خوازانە پووچەڵ کردنەوە . ڕێکخراوی ئاگر و خوێن زیندو بوو و لە مەودای بەرز بوونەوەی بزووتنەوەی خەڵکی , پێشوازی پڕ لە هەست و بێ وێنەی ملیونەها کەس لە خەڵکی کرێکار , جووتیار , ڕووناکبیرانی شۆرشگێر و زەحمەتکێشانیتر لە ڕێکخراوی ئێمە و بوونی ئەو بە گەورەترین ڕێکخراوی مارکسیست - لینینیستی رۆژ هەڵاتی ناوە راست و لایەنگری ملیونەها کرێکار و زەحمەتکێش لەوێ نیشاندەری ئەم راستیە بوو کە سەرەڕای زەبرەکانی یەک بە دوای یەک و لە دەس دانی باشترین و شایستەترین ڕێبەرانی بزووتنەوە , بەڵام ئارمانی ئەوان زیندووە , خەباتی ئەوان لە لایەن هەزاران کەسیتر لە کۆمەڵانی چەوساوە کە شیفتەی قارەمانەتی و خۆراگری و گیان فیدایی ئەوانن درێژە پێ دەدرێ . پێشرەوانی چینی کرێکار سەرچاوەی عەشق و خۆشەویستی کۆمۆنیزم لە ناو دڵی کۆمەلانی زەحمەتکێشن و ژێر دەستن . ئەمرۆکە لە حاڵێکدا رێز لە یادی هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف و ٩ هاوڕێتری فیدایی هاوسەنگەری دەگرین کە بزووتنەوەی فیدایی و ڕێکخراوی ئێمە سەدان هەوراز و نشێوی تێپەر کردووە و بە ئەزموون وەرگرتن لە شکستەکان و سەرکەوتنەکان و لە گەڵ بە کار هێنانی ئەزموونەکانی ڕابردوو , لە نەریتەکانی پڕشنگداری ڕێبەرانی شەهیدی خۆی فێر دەبێ . ئالای سوورێك کە بە خوێنی هەزاران حەمید ئەشرەف رەنگ کراوە وەك ئالای خوێناوی چینی کرێکاری ئێران لە پێشەوەی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە بەرز کراوەتەوە , ئالای خوێناوی خەباتی کینەیی و ڕووخێنەری ستەم کێشان و چەوساوەکان .

**یادی بەرێز و ڕێگای پڕ لە ڕێبوار**

# هجوم گله های مزدور سپاه پاسداران و انصار الاسلام به پایگاه های حزب حیات ازاد کردستان ( پژاک) محکوم به شکست است !

بعد از مدت زمان مدیدی از توپباران و بمباران کردن مناطق تحت نفوذ گریلاهای حزب حیات آزاد کردستان (پژاک ) واقع در کوهستان های قندیل بالاخره گله های مزدور سپاه پاسداران با همکاری مرتجعین اسلامی انصار الاسلام عملیات زمینی علیه گریلاهای پژاک را آغاز نموده و درگیریهای سختی در کوهستان قندیل آغاز گردید که در روز نخست دهها تن از مهاجمین مرتجع توسط گریلاهای پژاک به هلاکت رسیدند . جمهوری اسلامی بمنظور انحراف افکار عمومی داخلی و بین المللی از بحرانهای گریبانگیر داخلی خویش در پی ماجراجویی و بحران زایی در خارج از مرزهای خویش است و اینبار پس از مدتها توپباران کردن مناطق مسکونی و آبادیهای منطقه قندیل بمنظور تظاهر سرکوب چریکهای مسلح پژاک نیروهای مزدور خویش اعم از سپاه و انصار الاسلام را روانه خاک کردستان عراق نموده است . این در حالی است که مقامات نظامی و انتظامی حکومت منطقه ای کردستان عراق ورود افراد سپاه پاسداران و انصار الاسلام را به خاک کردستان عراق تکذیب کرده و عملا هیچ موضعگیری در قبال توپبارانهای جمهوری اسلامی تاکنون از خویش نشان نداده اند .
هجوم افراد سپاه و بحران زایی در خارج از مرزهای ایران نه راه حل فرار از بحرانهای داخلی و نه راه حل مسئله ملیتهای تحت ستم ایران است .
رژیم ترکیه نیز قبلا بارها این شیوه را آزموده و چه از نظر نظامی و چه از نظر سیاسی دست خال مجبور به عقب نشینی گردید . جمهوری اسلامی نیز قطعاً با آزمون شیوه های شکست خورده نه تنها قادر به قدرت نمایی نخواهد بود بلکه با تحمل شکست نظامی بر بحرانهای داخلی خویش نیز خواهد افزود .
ما ضمن محکوم نمودن هجوم مزدوران جمهوری اسلامی به پایگاههای پژاک و خاک کردستان عراق چریکهای پژاک را به مقاومت در برابر مهاجمین مرتجع فر خوانده و افکار عمومی داخلی و خارجی را به حمایت از مقاومت بر حق خلق ستمدیده کرد فرا میخوانیم.

**سرنگون باد رژیم جمهوری اسلامی ایران      برقرار باد جمهوری فدراتیو شورایی ایران !**

**سازمان اتحاد فدائیان کمونیست**

**کمیتهٔ ایالتی کردستان**

**۱۹/۷/۲۰۱۱**

آدرس پست الکترونیکی کمیته کردستان kurdistan@fedayi.org
روابط عمومی سازمان IFK/Box 10063/ S-400 70 Gotenburg /Sweden Fax : + (46 ) 317792571
E-mail: webmaster@fedayi.org Homepage : www.fedayi.org

شــعــر
رهــایــیست
نجات است و آزادی.
تردیــدیست
که ســرانجام
به یقین میگـــراید
و گـــلولهیی
کـــه به انجامِ کار
شلیک
مـــی شود.
آهی به رضای خـــــاطر است
از ســرِ آســـــودهگی.
و قاطعیتِ چارپایه است
به هنگامی که سرانجام
از زیرِ پا
به کنار افتد
تا بارِ جسم
زیرِ فشارِ تمامیِ حجمِ خویش
درهم شکند،
اگر آزادیِ جان را
این
راهِ آخرین است.

مرا پرندهیی بدین دیار هدایت نکرده
بود:
من خود از این تیره خاک
رُسته بودم
چون پونهی خودرویی
که بیدخالتِ جالیزبان
از رطوبتِ جوبارهیی.
اینچنین است که کسان
مرا از آنگونه مینگرند
که نان از دسترنجِ ایشان میخورم
و آنچه به گندِ نفسِ خویش آلوده
میکنم
هوای کلبهی ایشان است؛
حال آنکه
چون ایشان بدین دیار فراز آمدند
آن
که چهره و دروازه بر ایشان گشود
من بودم!



٢گەلاوێژ ١٢ ساڵ بە سەر گیان
لە دەست دانی شاعیری مەزن و
خۆشەویست ئەحمەد شاملو تێ
دەپەڕێ . شاعیریك كە لە
روانگەی بەرزی ئەودا شیعر
مانایكی تایبەتی هەبوو , واتە
شیعری رزگاری و ئازادی
دەزانی , گومانێك كە سەر
ئەنجام دەبێتە باوەر . شاملو
هەموو كاتیك تێ دەكوشا تاكو
دەردو رەنجی گیرودی گۆمەڵگای
مرۆڤایەتی بە جوانترین شێوە
بە ووتنی شیعرەكانی دەر ببڕێ .
یادی بەرێز بێت




تازەترین ڕاگەیاندراوەکان لە سایتی ڕێکخراو وەرگرن:
WWW.kare-online.com
www.fedayi.org
ناونیشانی سایتی ڕێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیك ,
کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە
گشتیەکانی ریکخراو بریتین لە :



webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571


# بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ,
# دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شووراییی !